پارێزگای سلێمانی

کۆدی پرۆژە ([SUL. G. (3221)] ساڵی ٢٠٢١

کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی (کراوە)

بۆ پرۆژەی: خاوێنکردنەوە وکۆکردنەوە وگواستنەوە وداپۆشینی خۆڵ وخاشاکی زۆنی (٣)ی چەمچەماڵ

پارێزگای سلێمانی بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا کان دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە، سەردانی بینای پارێزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ ب.گری بەستەکان/ فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی، بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (1,000,000) یەک ملیۆن دینار ی عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیا. کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کە پرۆژەکەی بۆ ئەسپاردە دەکرێت.

١- فرۆشتنی تەندەر لە رۆژی (11 / 8 / 2021) دەست پێ دەکات تا رۆژی (24 / 8 / 2021) لەکاتژمێر (٩)ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر (١٢:٠٠)ی نیوەڕۆ.

٢- رۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (29 / 8 / 2021) کاتژمێر (١٠:٠٠)ی پێش نیوەڕۆ دەبێت.

٣- رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە هەمان رۆژی (29 / 8 / 2021) دەبێت دوای داخستنی سندوقی تەندەر کاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆ لە پارێزگای سلێمانی/ بەشی گرێبەستەکان.

٤- ئەگەر رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر بوو بە پشوی رەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت، ئەوا یەکەم رۆژی دەوامی دوای پشوەکە دەبێتە رۆژی کردنەوەی تەندەر.

٥- هیچ تەندەرێک لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.

٦- ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە (1095) هەزار و نەوەد و پێنج (1095) رۆژ ڕۆژمێری).

٧- پێویستە لەسەر کۆمپانیا پابەندی رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتییەکان ژ (٢)ی ساڵی (٢٠١٦) بێت.

٨- پێویستە کۆمپانیا ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنێ بۆ ساڵی 2021.

٩- پێویستە بەڕێوەبەری رێگە پێدراوی کۆمپانیا واژۆ بکات یان کەسێکی رێگە پێدراو (تخویل) بەنووسراوی فەرمی دیاری بکات.

١٠- پێویستە کۆمپانیا پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان کرابێ بۆ ساڵی 2021

١١- پێویستە کۆمپانیا بڕیاری رەزامەندی دامەزراندنی کۆمپانیا پێشکەش بکات کە هاوبەشەکانی کۆمپانیای تێدا دیاری کراوە.

١٢- بارمتەی سەرەتایی ٤٨٧,٠٠٠,٠٠٠ چوارسەد و هەشتا و حەوت ملیۆن دیناری عێراقی بە (چەکی پەسەندکراو) یان (خطاب ضمان) بۆ ماوەی (١١٨) رۆژ لە بەرواری داخستنی سندوقی تەندەر.

١٣- مەرج نیە پرۆژەکە بۆ کەمترین نرخ ئەسپاردە بکرێت.

١٤- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) رۆژە لەدوای بەرواری داخستنی سندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

١٥- دوای داخستنی سندوقی تەندەر هیچ نامەیەکی خۆپارێزی (تحفظ) کاری لەسەرناکرێت و رەت دەکرێتەوە.

١٦- پارێزگای سلێمانی مافی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی تەندەری هەیە پێش دەرچوونی نووسراوی سپاردن.

١٧- پێویستە کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێک بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت.

١٨- پێویستە کۆمپانیا لە کاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن (اعتذار) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات.

١٩- پێویستە کۆمپانیا لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیل (email) و ژمارەی تەلەفۆنی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات.

٢٠- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیارو روونکردنەوەیەک لەسەر دەرخستەی پرۆژەکە دەتوانێت سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی سلێمانی بکات.

٢١- کۆمپانیاکان بۆ هەر پرسیارو روونکردنەوەیەک لەسەر بەڵگەنامەکانی ستاندەری ئەم پرۆژەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکانی پارێزگای سلێمانی هۆبەی چاودێری ورامیاری /تەندەرین بکات.

((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١- ئەو کۆمپانیا ناوخۆییانەی بەشداری دەکەن پێویستە پروانامەی دامەزراندنی کۆمپانیایان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبێت و مۆڵەتی گواستنەوەیان هەبێت لە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ماوەی بەسەرنەچووبێت هەروەها جۆینت ڤێنچەر رێگە پێدراوە بۆ تەواوی کارەکانی پرۆژەکە.

٢- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە تۆمارین و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها جۆینت ڤێنچەر رێگە پێدراوە بۆ تەواوی کارەکانی پرۆژەکە.

٣- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشدار دەبن پێویستە تۆمارین و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها جۆینت ڤێنچەر رێگە پێدراوە بۆ تەواوی کارەکانی پرۆژەکە.

ئەحمەد [illegible] ئەحمەد

جێگری پارێزگاری سلێمانی بۆ

کاروباری هونەری

٢٠٢١/ ٨ /

تێبینی:

١-کۆمپانیا پێش کڕینی تەندەر بۆی هەیە سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.

٢-بودجەی پرۆژەکە لەسەر بودجەی (ئاسایی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار).

وێنەیەک بۆ

- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب. گشتی ژمێریاری/ گە نجینەی ٦ سلێمانی /بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی سلێمانی /بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن
- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان /کاروباری دارایی/فرۆشتنی تەندەر بۆ کاری پێویست.
- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان / کاروباری یاسا / کاروباری تەکنەلۆجیای زانیاری بۆ [illegible]
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئاگادارێتان.
- ماڵپەڕی www.slemani.gov.krd / پارێزگای سلێمانی بۆکاری بڵاوکردنەوە.
- بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر تەندەری پرۆژەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی [illegible] بکەن لە کاروباری تەندەرین email:slemani.gov.tendering@gmail.com

بەڕێوەبەری گرێبەستەکان | ل. کاروباری تەندەر | ل. چێکی تەندەر | ل. ئامادەکردنی تەندەر